کۆستان محەمەد: هیچ موچەیەکی خانەنیشنانی کەرتی تایبەت لە هەرەمی کوردستان نەفەوتاوە

موچەی خانەنشینانی کەرتی تایبەت بە مانگەکانی یەک و دو دابەش دەکرێت، وەزیری کارو و کاروباری کۆمەڵایەتیش دەڵێت: ئەوانەی دەستبەری کۆمەڵایەتی کراون و خانەنشین بون، بەبێ دواکەوتن موچەی مانگانەی خەیان وەردەگرن.

کۆستان محەمەد، وەزیری کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر ڕایگەیاند؛ ئەو کارمەندانەی کەرتی تایبەت کە لە دەستبەری کۆمەڵایەتی خانەنشینن، دو مانگ جارێک موچەی هەردو مانگەکە بەبێ دواکەوتن وەردەگرن.

وتیشی: ساڵی ڕابردو ئەو کەسانەی بەبێ دواکەوتن موچەی سەرجەم مانگەکانیان وەرگرتوە.

وەزیری کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی باسی لەوەشکرد، لە ڕێگەی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەی لە پارێزگای هەولێردا 25 خولی ڕاهێنانیان کردوتەوە و زیاتر لە 300 گەنج سودمەند بون لە خولەکانیان.

ئاماژەی بەوەشکرد، چەندین وەرشە و خولی نوە دەکەنەوە لە هەولێر کە هاوکار دەبن بە ڕەخساندنی هەلی کار لە پارێزگاکە.